هاوڵاتی

٤٦

لەریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ

د. بورهان ا. یاسین . زانکۆی لوند سوید

بەشی یەکەم

د. بورهان یاسین

ماوەیەکە باشووری کوردستان بەرەو ڕووی مەترسییەکی مێژوویی بۆتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم مەترسییە زیادەتر و زیادەتر دەبێ. مەترسییەکەش ئەوەیە کە ئەوەی بە دەوڵەتی عێراق بە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی، بە تایبەت ڕژێمی بەعس لە 35ساڵی ڕابردوودا بە ڕێگەی چەك و زۆرو بە عەرەبکردن...هتد ئەنجام ئەدرا، ئەوا خەتەرێکی جددی هەیە کە بە ڕێگەیەکی "دیموکراسیانە" ئەنجام بدرێ. بەم مانایە ئەگەر کوردستان خۆی لە عێراق دانەبڕی و دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە خۆ ڕانەگەیەنی، ئەوا نەتەوەی زۆرینە لە عێراقی عەرەبیدا دەتوانی میکانیزمە دیموکراسییەکان بەکاربێنی بۆ جارێکی تر پەراوێزکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئیرادە سیاسییەکەی هەر لە گەڵاڵەکردنی دەستووری عێراق تادامەزراندنەوەی دەوڵەت بە هەموو دام و دەزگاکانی.

لەم ڕۆژانەدا تێبینی دەکرێ کە گفتوگۆو بگرە جوڵانەوەیەکی زۆر هەیە لەسەر مەسەلەی ریفراندەم. لەم ووتارەمدا هەوڵ دەدەم وەکو بەشدارییەك لەم گفت و گۆیەدا هەندێ بیر و بۆچوون لە مەڕ دۆزی کورد لە باشووری کوردستان، سیستەمی فیدرالی و دیالەکتیکی فیدرالی ـ دیموکراسی ومەسەلەی ریفراندەم ولە ویشدا سەربەخۆیی کوردستان وەکو شیاوترین ئەلتەرنەتیڤ بەکورتی بخەمە ڕوو.

هەر زوو پێویستە بڵێم کە ئەمە یەکەم جار نییە نووسەری ئەم ووتارە باس لە ئەلتەرنەتیڤی ترو ریفراندەم دەکات، بەڵکو ماوەیەکی زۆرە لە دەرفەت و جێگەی جیاجیادا جەختم لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە وەکو دیموکراسیترین شێوەی چارەسەری بۆ کێشەی باشووری کوردستان.(1)

(١)

هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، لە بنەماکانی درووستبوون و بەردەوامی ئەم دەوڵەتە کۆمەڵی گرفت هەبوون:

(١گرفتی شیعە، ٢)کێشەی کورد، ٣) کێشەی سنوور، بەتایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا، ٤) دامەزرانی ئەم دەوڵەتە وەکو فۆرمێکی مۆدێرن لەسەر کۆمەڵی بنەما و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تەقلیدی، ٥)بوونی عێراق لە سیستەمی ئەقلیمی عەرەبیدا.

لە ئاوڕدانەوەیەکی بەپەلە لە ٨٢ ساڵی ڕابردووی مێژووی ئەم دەوڵەتە، ئاسانە کە تێبینی بکەین کەوا ئەم گرفت و فاکتەرانەی سەرەوە بە چڕی و بە توندی کاریگەریان هەبووە بەسەر پێشوەچوونی ئەم دەوڵەتە، بەتایبەتی لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی دا. شاردراوە نییە کە دانەمەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و بە زۆرەملی لکاندنی کوردستان بەکۆمەڵی یەکانەی جوگرافی ـ سیاسی کە هەموویان (تورکیا، عێراق، سوریا و ئێران) دەربڕی کۆمەڵێك پرۆژەی ئایدیۆ ـ سیاسی چەند نەتەوەیەکی، دواتر، سەردەست(تورك، عەرەب وە فارس) مەسەلەیەکی هەرە گرنگە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان. هەر لێرەشەوە گرنگە ئەوە بڵێین کە جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان دوای فەرزکردنی ئەو حاڵەتە ژیۆپۆلیتیکییە، بە تایبەتی لە (١٩٤٠)ەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕەوتی خۆگونجاندنی سیاسی وەرگرت تا ڕەدکردنەوەی... دیارە ئەم ڕەوتی خۆگونجاندنە لە کۆمەڵی ئاستی گرنگدا(سیاسی و کولتووری و ستراتیژی و پێکهاتەی سۆسیال ـ سایکۆلۆژی) ئەنسیری ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ سەر بوون و شێوەی پێشوەچوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری.

ئەم ڕەوتی خۆگونجاندنە بە ئاشکراترین وە چڕوپڕترین شێوە لە شێوەی دروشمی ئۆتۆنۆمی (دواتر فیدرالی) بۆ کوردستان وە دیموکراسی بۆ عێراق خۆی نواندوە.

باشووری کوردستان لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ڕووی ژیۆپۆلیتیکی و یاسایی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە کەوتۆتە بەردەم حاڵەتێکی مێژوویی یەکجار چارەنووسساز.

دەتوانین بڵێین ئەم حاڵەتە زۆر لە حاڵەتی کورد لەساڵانی ١٩١٨ـ١٩٢١ دەچێت، واتە هەر لە کاتی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی تاوەکو درووستکردنی دەوڵەتی عێراق. ئەم لەیەکچوونە وامان لێدەکات کە بڵێین کورد جارێکی تر لە چوارگۆشەی ژمارە یەك دا خۆی دەبینێتەوە، هەڵبەتە بە هەندێ جیاوازی زۆرەوە وەکو بۆ نموونە کاریگەری و قەوارە و پێشکەوتنی ئاستی هۆشمەندی جوڵانەوەی سیاسی لە کوردستان.

(٢)

وەکو ئاشکرایە هەر دوو سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی هەندێك جار وەکو ئیجرایەکی ئیداری و هەندێك جاریش وەکو ئیجرایەکی سیاسی پیادەکراون، جا چ لە وڵاتانی بە سیستەمی سیاسی دیموکراسی بێ یا غەیرە دیموکراسی،بە شێوەیەکی گشتی لەناو خەڵکی باشووری کوردستان تەسەورێکی ئەوها هەیە کە سیستەمی فیدرالی دەتوانێ زۆر لە ئۆتۆنۆمی زیاتر بۆ کورد مسۆگەر بکات. بە گشتی بەرز ڕاگرتنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢) بە فیدرالی بۆ ئەوەی پێی دەبێژرێ "ئیقلیمی کوردستان" دەلیلێکی ئەم شێوە تێگەیشتنەیە.

بەبۆچوونی خۆم وە بە چاوخشاندنێك بە ئەزموونەکانی فیدرالی و ئۆتۆنۆمی لە جیهاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە:

١) دەکرێ فیدرالی یاخود ئۆتۆنۆمی ناوبن بۆ هەمان سیستەم یاخود حاڵەت، ٢) دەکرێ بگوترێ کە حاڵەتی وا هەیە ئۆتۆنۆمی بەهێزترە لەفیدرالی. لە ڕاستیشدا فیدرالی زۆرتر ئیجرایەکی ئیدارییە تا سیاسی وە بگرە بۆچوونێکیش هەیە کە تەنها ئۆتۆنۆمی گونجاوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی خاك.(2) لە ڕاستیدا ئەوە بە هێزی و بێهێزی ناوەڕۆکی هەریەك لەو سیستەمانەیە کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە. ٣) بە پێی ئەم دوو سیستەمە سێ دەسەڵاتی هەرە گرنگ وە چارەنووسساز بە دەستی دەسەڵاتی ناوەندین کە ئەمانیش بەرگری و ئابووری و سیاسەتی دەرەوەن کە ئەمەش بۆ نموونە ڕاگەیاندنی جەنگ و بەستنی پەیمانی ئاشتی و مەسەلە ستراتیژییەکان دەگرێتەوە.

خاڵێکی گرنگ لە جەدەلی ئۆتۆنۆمی و سیستەمی دیموکراسی یا سیستەمی فیدرالی و دیموکراسیدا ئەوەیە کە بەپێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کەوا سیستەمی دیموکراسی باشترین ژینگە و زەمانە بۆ بوون و گەشەکردنی بنەماکانی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ئیقلیم یا چەند ئیقلیمێك و دەسەڵاتی ناوەندی، جا چ بە پێی شێوازی ئۆتۆنۆمی بێت یا فیدرالی.(3) چونکە دواجار مەبەست لە ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی دابەشکردنی دەسەڵاتە (لە نێوان ئیقلیم یا چەند ئیقلیمێك و دەسەڵاتی ناوەندی).

لە ڕاستیدا لە حاڵەتی ئەزموونی سیستەمی فیدرالی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، سیستەمی فیدرالی و میکانیزمە دیموکراسییەکان بە چڕی دەچنە ناو یەکتر وە سەرەتاکانی فیکری ئەو سیستەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەمان پێدەڵێن کەوا مەبەست لە سیستەمی فیدرالی لە ئەمریکا لەلایەك ئاسانکردنی ئیدارەی وڵات و بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسی بوو؛ مەبەست لە هەردووکیشیان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ناوەندی حوکم بوو لە واشنتن.

لەلایەکی ترەوە گرنگە ئەوە بزانین کە سیستەمی دیموکراسی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناتوانێ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بکات: دیموکراسی پرسی پەیوەندییەکانی تاك و کۆمەڵ وە بەتایبەت تاك و دەسەڵات(بە هەموو شێوەکانییەوە) چارە دەکات.

کاتێکیش کە باس دێتە سەر چارەی مەسەلەی نەتەوەیی کێشەی نەتەوەیەك بە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتێکی داگیرکەر یا ناوەندی ئەوا چارەسەرەکان لە مێژوودا بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتوون. شێوەچارەی هەرە بەرجەستە لە مێژوودا هی دەوڵەتی نەتەوە بیە وە بیرۆکەو سەرهەڵدانی مێژوویی ئەم پێشوەچوونە پێ لە مێژووی ئەورووپای مۆدێرن هەڵدەگرێ... لە لایەکی ترەوە کێشەی ئەو نەتەوانەی کە لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بەو نەتەوانە چارە نەکراوون، لە مێژوودا بە نیوەچارەسەری یا بەبێ چارەسەری ماونەتەوە. کە دەڵێم نیوە چارەسەری مەبەستم نەك هەر ئەو نیوەچارەسەرییە کە لە وڵاتانی بە سیستەم سۆسیالیست(یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات) کە لەوێدا ناتوانین باس لەبنەما سیاسی و میکانیزمەکانی سیستەمی دیموکراسی بکەین، بەڵکو ئەم نیوە چارەسەرییە دەتوانێ وڵاتانی دیموکراسیش بگرێتەوە.

هەڵبەتە لە حاڵەتی ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیستدا دیارە مێژوو بە جوانی نیشانیدا چۆن یەکێتی سۆڤیەت و یوگسلافیا دوای تەواوبوونی جەنگی سارد سیستەمە ئۆتۆنۆمی و فیدرالییەکەیان، واتە سیستەمی نیوەچارەسەریان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی، هەڵوەشایەوە: بە شێوەی ئاشتیخوازانە یا ململانێی خوێناوی. لەم ئەزموونانەدا بەجوانی دەرکەوت کە ئەوە تەنها سیستەمی ئیمپراتۆری، بەر لە دەوڵەتی نەتەوە بیە، کە دەتوانێ فرەنەتەوەیی بێت. هەر لێرەش پێویستە بگوترێ کە جیاوازییەکی زۆر هەیە، پێویستیشە ئەم جیاوازییە ببینرێ لە نێوان بیرۆکەی فرەنەتەوەیی و فرەکولتووری(ئەمریکا دەتوانێ یەك نەتەوە پێکبهێنێ لە کۆی توخمەکانی کۆمەڵگایەکی فرە کولتووریدا). لە لایەکی ترەوە پێویستە ئەوە بگوترێ کە سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی نەك هەر لەحاڵەتی سیستەمە نادیموکراسییەکاندا نیوە چارەیە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی بەڵکو لەڕاستیدا ئەزموونی هەندێ لە وڵاتانی دیموکراسیش دا لە ئەورووپای رۆژئاوا ئەوە دەردەخەن کەوا ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی هەتا بگرە لە سیستەمی ئەوپەڕی دیموکراسیش هەر نیوە چارەسەرییە، واتە چارەسەری تەواو و بنبڕ نییە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی. دوو ئیقلیمی فیدرالی کە ئیقلیمی باسکی ئیسپانی و کیوبیکی کەنەدین ڕێك ئەوەمان پێدەڵێن. لەحاڵەتی یەکەمدا ململانێیەکی خوێناوی گوزارش لەونیوەچارەسەرییە دەکات وە لە حاڵەتی دووەم میش بە شێوەیەکی ئاشتییانە (واتە ئەو دوو ریفراندەمەی تا ئێستە لەکیوبیك ئەنجامدراوون بۆ جیابوونەوە یا مانەوە وەکو بەشێك لە کەنەدا).

دیارە نەتەوە وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەرهاوێشتەی پرۆسەیەکی مێژووییە کە زیاتر بەستراوە بە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مۆدێرن وە هەر لەوێشەوە دەوڵەتی نەتەوەیی چوارچێوەیەکی سیاسی ـ یاسایی خۆڕێکخستن و گوزارە لە خۆکردنی نەتەوەیە. دیارە لێرەوە مەسەلەی نەتەوەیی لەو جێگەیە ناوەستێ کە هەندێ مافی دیموکراسی و کولتووری دەستەبەر دەکەن و بۆ نەتەوەکە مومکین دەبن مومارەسەیان بکات. بەڵکو پرسی نەتەوەیی بە پلەی یەکەم پرسی ئیرادەی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسییە وە تا ئەو پرسی دەسەڵاتی سیاسییەش بەتەواوەتی چارەسەر نەکرێت ئەوا پرسی نەتەوە هەر ماوەتەوە وەکو ململانێیەك کە زۆر تەوەری تر دەگرێتەوە کە زۆر زێترە لە پرسی دیموکراسی و ناسنامە و مافی پاراستنی کولتووری خۆ.

دەسەڵاتی سیاسی کە نەتەوەیەك دەخوازێ بەدەستی بێنێ بە تەواوەتی بەدەست نایەت تا سەروەری نەتەوەیی بە تەواوەتی بەدەست نەیەت. کە دەشڵێین سەروەری نەتەوەیی ئەوا مەبەستمان هەردوو ڕەهەندی سەروەرین: لە یەکەمیاندا نەتەوە ڕووی لە ناوخۆیە و وە ئەو ڕووەی سەروەریش لە کۆی سەروەری ئەندامانی نەتەوە پێك دێت کە ئەویش خۆی بە باشترین شێوە بە سیستەمێکی سیاسی تەعبیر دەکات کە کۆی ئەندامانی نەتەوە هەڵیدەبژێرن بە ئیرادەی خۆیان بەبێ ئەوەی ئیرادەیەکی لە دەرەوەی نەتەوەهاتوو بۆی هەبێ بڕیار لەسەر شێوەو میکانیزمی ئەم سیستەمە بدات وە هەروەها بڕیاری تەواوی بەسەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی سەرخاك و ژێر خاکی خۆیەوەبێ.ڕەهەندی دووهەمی سەروەری، کە یەکسەر تەواوکەری ڕەهەندی یەکەمی سەروەرییە، ئەوەیە کە نەتەوە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا مافەکانی خۆی کە بە گونجاوترین ڕێگا و ئامراز ستراتیژ و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بخەمڵێنێ بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بە باشترین شێوە بپارێزێ. بە مانایەکی تر سەروەری نەتەوەیی لەڕووی دەرەوەیدا باشترین میکانیزم و پەراوێزی بەرگری لەخۆکردن و بڕیاردان لەسەر ئاشتی وراگەیاندنی جەنگ وە هەروەها بەستنی پەیوەندییە دەرەکییەکان دەدات بەوشێوەیەی کە لە خزمەتی نەتەوەدایە.

(٣)

هەر لەگەڵ باس و خواسی لێدان یا لێنەدانی عێراق لە ئاکامی ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، هێزە کوردستانی و عەرەبییەکان کەوتنە هەوڵێکی زۆر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو قۆناغە و خۆئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێك کە لە لێدان و کەوتنی ڕژێمی عێراق بکەوێتەوە. زۆر بە کورتی کۆنفرانسی لەندەن لە دیسەمبەری ٢٠٠٢ ڕووداوێکی گرنگ بوو لەم پرۆسەیەدا، تا ئەو جێگەیەی کە پەیوەندی بە کێشەی کوردستانەوە هەیە. من وادەزانم کۆنفرانسی لەندەن ئەو سەرکەوتنە نەبوو بۆ کورد وەکو ئەوەی گوزارەی لێکرا لەمیدیای ڕەسمی پارتی و یەکێتیدا: ١) ڕاستە فیدرالی قەبوڵ کرا، بەڵام فیدرالییەك لەسەر بنچینەی ئیداری و بۆ هەموو عێراق، ٢) بە شێوەیەکی شاردراوە ئەوە هەموو خەڵکی عێراقە کە دەبێ دەنگ بدەن لەسەر ئەوەی ئایا سیستەمی داهاتوو فیدرالی دەبێ یا نە.بە مانایەك مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد لە یەکێ لە بەندەکانی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانس باسی لێوەدەکرێ بەڵام خاڵی کراوە لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی، ٣) دەوڵەتی داهاتووی عێراق کەم یا زۆر ئیسلامی دەبێ، لەبەر ئەوە دەکرێ بپرسین ئایا وەم شێوە دەوڵەتە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی چەند گونجاوە، ٤) کورد، بەپێی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی لەندەن، هیچ زەمانەتێکی پێنەدراوە بۆ ئەوەی ئەم زەمانەتە وەکو میکانیزمێك بخرێتە گەر ئەگەر هاتوو بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە مەسەلەیەکی سیاسی یا ستراتیژی یەکی نەگرتەوە.

ئاخر بە پێی ئەم ڕاگەیاندنە کورد مافی ڤیتۆی نییە، هێزی پێشمەرگە دەبێ بە بەشێك لە هێزی چەکداری عێراق هەروەها هیچ زەمانەتێکی نێونەتەوەیی نییە کە کورد سکاڵای خۆی بۆی بەرێ بۆ ئەوەی گرفتەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یەکلا بکاتەوە.

بە باوەڕی من ئەوەی کە دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام بڕیاری لەسەر درا لە کۆبوونەوەکەی ناسرییە لەناوەڕاستی ئەپریلی ئەم ساڵە پاشەکشەیەکی تر بوو بۆ کورد و ئاسۆکانی چارەسەری کێشەی کورد لە باشووری کوردستان. لە ڕاستیدا لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی ناسرییە کە لە ١٤ خاڵ پێکهاتووە باس لە کورد و کوردستان و دۆزەکەی ناکات.

لە خاڵی سێهەمی ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە کە عێراق سیستەمەکەی فیدرالی دەبێت بەمەرجێك کە ڕاپرسی سەرانسەری (لە هەموو عێراق) لەسەر بکرێ. ئێستە دوای کەوتنی ڕژێمی دکتاتۆر و بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان لە عێراق، دەکرێ تێبینی بکرێ کە:

(١سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و بەرامبەر داوارۆژی ئەم وڵاتە لە گۆرانکارییەکی بەردەوام دابووە ئەویش بەپێی کارکردن لەگەڵ ڕاستییەکانی دوای ڕژێمی سەدام وە هەروەها ململانێی دەسەڵات لەناو ئیدارە و ناوەندەکانی بڕیاری ئەمریکی. هاوکات بەردەوام ناڕوونی و ناڕاشکرایییەك لە سیاسەتی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە عێراق و فایلی کوردی تێبینی دەکرێ، ٢) هەرئەبێ لە کۆنفرانسی لەندەنەوە تەسەوورێکی ئەوها لای سەرکردە کوردەکان دروستکرا کە ئەوان "برا گەورە" ، ئەوان سەری ڕم و ماکینەی بە دیموکراسی کردنی عێراق.

لەقەبووڵکردنی ئەم ڕۆڵەدا دەترسم کورد دۆزی تایبەتی خۆی لە دەست بدات و عێراقی دیموکراسی و فیدرالیش بەدەست نەهێنێ،(4) ٣) ئەوەی کە سەرکردەی پارتی و یەکێتی تا ئێستە کردوویانە ئەوەیە کە هەموو سیاسەتی کوردیان لە فلتەری عێراق و بەعێراقی بوون دەربڕیوە، کەچی وادەزانم هەرزوو دەکرا سەرکردەکان بە ڕەوتی بە کوردستانیکردنی کێشەی کورد کاریان بکردایە و بڕیان لە هەندێ پرۆژەی ستراتیژی کوردستانی ـ ئەمریکی بکردایەوە،(5) شێوەی هەڵس و کەوتی هێزە عێراقییەکان بەرامبەر دۆزی خەڵکی کوردستان زۆر ناشیاو بەو دۆزە بووە، بگرە هەندێ جار لێرەو لەوێبۆچوون و دەنگی وا هەن کە زۆر نێگەتیڤترە لەهی ڕژێمی بەعس. ئەوەتا کەسێکی لیبرالی تا ئێستە "دۆستی" کورد کە (کەنعان مەکیە)یە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەوا سیستەمی فیدرالی نابێ لەسەر بنچینەی ئێتنیکی بێ(6) و هێزی پێشمەرگەش دەبێ هەڵوەشێتەوە، ٤) هەندێك هێز، بەتایبەتی شیعی، هەن کە دوو دڵی ناکەن لە قەبووڵکردنی سیستەمی فیدرالی بۆ کورد بەمەرجی کورد سیستەمێکی ئیسلامی بۆ عێراق قەبوڵ بکات. بۆ نموونە باس لە لەیەك گەیشتنێکی نهێنی لەنێوان بەڕێز مەسعود بارزانی و باقر محمد الحکیم دەکرێ (لەشاری نەجەف لە ٥ی حوزەیرانی ئەمساڵ). بەپێی ئەوە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق فیدرالی قەبوڵ بکات بەرامبەر قەبوڵکردنی کورد بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی لەعێراق،(7) ئەوە ڕێك کارێکی نادیموکراسیانە یە و ڕژێمێکی سیوکراتی تا دیموکراسیش لێدەکەوێتەوە. ٥) سەرانی کورد ئەوەیان قەبوڵ کردووە کە بڕیار لەسەر فیدرالی بۆکوردستان بۆ دەنگدانی تەواوی پەرلەمانی عێراق وە یا هەموو عێراقییەکان بێنێتەوە(8) کە ئەمەش مرغامەرەیەکی سیاسییە و بە ئەگەری زۆر کێشەی کورد دەخاتە ژێر ئیرادەی زۆرینەی عەرەبی لە عێراق کە دەکرێ لە دەنگدانێکی "دیموکراسیانە "بڕیارێك بدات کە ئەنجامەکەی بنبڕکردنی مافە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بێت. ٦) لەوەختێکدا کە پێویستە کورد لە باشووری کوردستان لە هەموو ئاستێکدا یەکگرتوو بێت، ئەوەتا بە پێچەوانەوە بەردەوامی نەبوونی یەك ئیدارەیی و یەك خیتابی نەتەوەیی گونجاو باڵی بەسەر باری سیاسی باشووری کوردستان داگرتووە.

ئەم حاڵەتە دەربڕی عەقلییەت و هەڵوێستی ئەوپەڕی نادیموکراسیانەیە لەسەر مەسەلەی تەواوی دەسەڵات لە کوردستان و هەروەها بەپەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی عێراقی داوارۆژ و سیاسەتی ئەمریکا.

ئاخر کاتێك یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر زاری ئەندامی سەرکردایەتییەکەی،عادل موراد، بە ڕاشکاوی بڵێ نا بۆ تێپەڕبوونی هێزەکانی تورکیا بە باشووری کوردستاندا ئەوەتا پارتی بێ دەنگە.(9)

پەراوێزەکان:

(1) بڕوانە بۆ نموونە: بورهان یاسین، "کورد دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١" هاوڵاتی، ٢٠٠٢/١٠/٧ ل٩؛

Borhanedin A. Yassin "Uplosstaten Irak,,Svensk Dagbladet ,15.5.2003,p 5;

هەروەها بورهان یاسین "دوو نامە بۆ حکومەتەکانی کوردستان" گە ٩ و ١٠ی ئەپریل ٢٠٠٢

Kurdish Media.com

Ruth Lapidoth, Autonomy, (2) (Washington, D-C: 1996, ل ٤٩.

(3) هەمان سەرچاوە.

(4) بڕوانە بۆ نموونە: بورهان یاسین، "دوو نامە..."

(5) سەرچاوەی پێشوو.

The New York Sun, Aug. 4,2003 (6)

(7) سەرچاوەی پێشوو.

(8) ئەوەتا مام جەلال (لە کەرکوك ناوەڕاستی ئەپریل) دەڵێ بڕیار لەسەر فیدرالی یا هەر فۆرمێکی تر پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەر دەدات. کوردستانی نوێ، ٢٠٠٣/٤/١٤. هەر ئەمەشە جەوهەری بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی لەندەن.

(9) Kurdish Media.com لە ٢٠٠٣/٨/٧

مات الملك فات الأوان

سمکۆ محەمەد

ئەگەر بڕیارە خەڵکی کوردستان بۆ هەر کایەیەك بەتایبەتی کایەی سیاسیی دەنگیان هەبێت و تەداخول بکەن و چارەنووسی خۆیان بۆ خۆیان دیاری بکەن کە ئەم نەریتە تاکو ئێستا نەك هەر باو نەبووە بەڵکو یاساغ و قەدەغەش بووە، بەڵام پیادەکردنی نەریتێکی جوانە، وەلێ ئێستا موتەئەسیفانە دەستەبژێرێك لەڕۆشنبیران کە زۆرکات وەفریای دەسەڵات و حکومەت و حیزب دەکەون کاتێك کە تووشی قەیرانی سیاسی دەبن، وەکو سەربازێکی بەوەفا کێشە سیاسییەکانیان بۆ چارەسەر دەکەن، یان بەزمانێکی تر تەرویج بەسیاسەتەکانیان دەدەن و لەقەیران ڕزگاریان دەکەن بۆ هەروەك چۆن لەئێستادا پرۆژەیەکی وەکو (ریفراندۆم) پێشکەش بەخەڵکی کوردستان دەکەن، وەکو ئەوەی ئەم پرۆژەیە شتێکی نوێ بێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەم ئەو ڕۆشنبیرانە و هەم حیزبەکان لەلایەك ئەوەیان بیرچۆتەوە کە ئەم پرۆژەیە یاخود ئەم تەرحە شتێکی نوێ نییە بەڵکو لەساڵی ١٩٩٦ەوە چەپەکان قسەیان لەسەر کردووە و ئیمزاشی بۆ کۆکراوەتەوە کە بەدیکۆمێنت هەیە و هەندێك لەڕۆژنامەکان و خەڵکی بەشداربووی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە شایەدی ئەو ڕاستییەن کە دواتر پێشکەشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە لەکاتی خۆیدا، ئەوکات ئەو حیزبانە کە سەرقاڵی شەڕی ناوخۆ بوون، دەیانوت ئەو شێوە تەرحە سیاسییە لەبەرژەوەندی کیانی سیاسی کورد نییە و ئەم ئەزموونە لەباردەبات، هەر ئەوان بوون دەیانوت ئەمە دەستی دوژمنانی لەپشتەوەیە کار گەیشتە ئەوەی لەسەر ئەو تەرحە چەندین کەس ڕاپێچی زیندانەکانی کوردستان کراو تۆمەتی ناشرینیان بۆ دروست دەکردن، دەیان گوت خاوەنی ئەو تەرحە دەیانەوێت لەدەوڵەتانی دراوسێمان وەها بگەیەنن کە ئێمە دەمانەوێت و بەنیازی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆین کە ئەمە جارێکی تر ئەگبەتیمان بۆ دروست دەکات، بەپێچەوانەوە ئێمە لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا چارەنووسی خۆمان دیاری دەکەین، ئەم تەرحە دژی ئەمنی قەومییە، کەچی هەر خۆیان دەستی ئەرتەشی دەوڵەتی دراوسێ ئەما بۆ گیانی یەکتری ڕاکێش ئەکەن، هەر ئەوکاتە دەستەبژێرانی ڕۆشنبیر کە لەپاڵ ئیقاعی سیاسی حیزبە دەسەڵاتدارەکان گەمەیان دەکرد، بەگاڵتەجاری قسەیان لەو تەرحە سیاسییە دەکرد و دەیان گوت خەیاڵ پڵاوییە، ئەوە چونکە ئەوکات حیزب کێشەیەکی تری هەبوو ئەویش تەواوکردنی پرۆژەی شەڕی ناوخۆ بوو کە بەبێ (ریفراندۆم) ئەنجامدرا، ئێستاش ئەوەیان بیرچۆتەوە کە وەها پرۆژەیەك ئەگەر تەبەنی بکرێت دەبێت لەڕێگای پەرلەمانەوە بێت ئەمە جگە لەوەی پارلەمان بۆ خۆی لەوە بۆتەوە بەدوای کێشەی کوردەوە بێت، چونکە ئەو پارلەمانەی کە خۆیان شانازی پێوەدەکەن و پێی ڕازین هیچ شەرعیەتێکی یاسایی نەماوە، دانیشتن نییە ڕێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پارلەمان نەگاتە سەرووی بیست ئەندام، کە هەر هەموویان بۆ خاتری کاری حیزبی کارەکانی پارلەمان پشتگوێ دەخەن، با واز لەوە بهێنین کە وەها پرۆژەیەك کێ دەبێت تەبەنی بکات و چی دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ پیادەکردنی، من پرسیارێك دەکەم ئایا کەس زەمانەتی ئەوە دەکات کە لە ٨٠٪ی خەڵك لەئەنجامی ئەو قەیرانەی کە بەدرێژایی دە ساڵ شەڕی ناوخۆ ئەزموون کراو سیقەی سیاسی لەخەڵك سەندەوە ئەمجارەیان دەنگ دەدات، یاخود ئەسڵەن بڕوایان بەدەنگدان ماوە؟ هەڵبەتە ئەمە دەڵێم پشت بەو ڕاپرسییە دەبەستم کە ڕۆژانە بۆ تاقیکردنەوەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو پرۆژەیە پرسیار لەخەڵك دەکەن کە ئایا ئەمجارەیان ئەگەر سندوقی دەنگدان هاتەپێشێ دەنگ دەدەیت؟ یان ئەگەر ریفراندۆم سەبارەت بەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستان کرا پێشوازی لێدەکەیت؟ زۆرێك لەوانە بەپێکەنینەوە وەڵام دەدەنەوە دەڵێن کام دەنگدان ئەسڵەن بڕوام بەسیاسەتی کورد هەر نەماوە، دەنگ بە چی بدەم، بەپاشماوەی دە ساڵ شەڕی ناوخۆ؟ بەو ناعەدالەتییە بەڕۆژی ڕووناك دەبینرێت لەئیدارەکانی کوردستاندا؟ بەوەی کە دەیان پیاوی خراپ و کۆنەبەعسی نووسراوی بۆ کراوە لەلایەن حیزبە کوردییەکان چاوپۆشی لەڕابردوویان دەکرێت، ئەگەر تا دوێنێ بەدیلی حیزبی کوردیمان نەبوو ڕژێمی بەعس مابوو دەترساین، خۆ ئێستا بەعس و حکومەتی سەدام نەماوە دەنگ بەشتێك بۆ بدەم کە سیاسەتی ئەو حیزبانەی لەپشتەوەیە، زۆر چاك دەزانم هەر ئەوان سوودمەند دەبن تیایدا، یەعنی ئەوەندە بێهیوابوون لەوەی کە خۆیان دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن وەها بەسانایی جارێکی تر ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست نابێتەوە کە پارلەمانێکی تریان وەکو سیناریۆی پارلەمانی ساڵی ١٩٩٢ دووبارە نابێتەوەو هەر ئەمە بەشێکی زۆری نائومێدییەکانی خەڵکی کوردستان پێکدەهێنێت، بۆیە پێش هەر شتێك دەبێت ئەم خەڵکی کوردستانە سیقەی لا دروست بکرێتەوەو هۆشیاری سیاسی لادروست بێت و دەنگ بدات نەك ڕۆشنبیر دەستی بگرێت و کوێرانە بیباتە (ریفراندۆمێکەوە) کە هیچ شارەزاییەکی لێی نییە.

*بۆئەوەی زیاتر لەماهیەتی ئەم تەرحە یان ئەم پرۆژەیە تێبگەین کە ناوی (ریفراندۆمە)و حیزب لەپەنای دەستەبژێری ڕۆشنبیرەوە پێشکەشی دەکات، ئەوەیە کە هەرچی زەرەرو زیانی مادی و مەعنەوی سیاسی هەیە کە لەدوای هاتنی هاوپەیمانان و نەمانی دیکتاتۆرییەت لەعێراقدا لەهەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی کەوتووە، بەو چەمکە دەیانەوێت تەعویزی بکەنەوە، هەڵبەتە ئەمەش ڕوونە بۆچی؟

ئەوەتا بەچاوی خۆمان لەدامەزراندنی حکومەتی کاتی جێگا و ڕێگای سیاسی سەرکردە کوردییەکان دەبینین چ جۆرە مەنسەبێکیان بۆ دیاریکراوە چ سەهمێکی سیاسییان هەیە، بۆیە دەیانەوێت ئەمجارەیان بەم تەرحە هەرچی زووترە فریای ماتریالە بەشەرییەکەی خۆیان بکەون و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان کە لەئەنجامی لەدەستدانی بڕوای سیاسی لەدەستیان داوە بیگەڕێننەوە ژێر ڕکێفی خۆیان و جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانە خەڵك بۆ ناو گەمە سیاسییەکانیان بەکێش بکەن و لەپەنایدا بوێرن لەتەك ئەمەریکییەکاندا قسەیەك بکەن و هەرچۆنێك بێت لەسەر کورسی دەسەڵات بێننەوە کەڵك وەربگرن گوایە ئەمە ڕەئی جادەی کوردییە، حیزب ئەمجارەیان لەڕێگای ڕۆشنبیرەوە خەڵك هەڵدەخەڵەتێنێت، بەڵام ڕۆشنبیر ئەمە بۆ دەکات، چونکە ئەگەر تاکو دوێنێ لەترسی بوونی دیکتاتۆرییەت جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد و ترسی دەوڵەتانی دراوسێ و بەرژەوەندیان لەتەك ئەو دەوڵەتانە نەیاندەوێرا وەها پرۆژەیەك پێشکەش بکەن ئەوا ئەمڕۆ لەترسی ئەمەریکا و هەیمەنەی لەناوچەکە و ئەو جوگرافیا سیاسییەی کە ئەمەریکا نەخشەی بۆ داڕشتووە دەترسن قسەی پێبکەن، بۆیە بەشێك لەو ڕۆشنبیرانەی کە وەکو وتمان لەکاتی قەیرانەکاندا کە تووشی حیزب دێت وەفریایان دەکەون بەخەڵك دەڵێن پشتگیری لەم پرۆژەیە بکەن، باشە ئەم ڕۆشنبیرانە تاکو ئێستا لەکوێ بوون بۆچی پێش ڕووخانی ڕژێم پێشکەشیان نەدەکرد کە لەڕاستیدا ئەوکات سیحری هەبوو، ئەوکات هەڵوێستێکی سیاسی مەنتیقی جوامێرانە بوو، یاخود ئەوکات ئیقاعی سیاسی حیزب لەبەرژەوەندیدا نەبوو کە ئەو دەهۆڵە لێبدات، ئەوکات تەنها قسە لەسەر داهاتی کوردستان دەکرا کە لەباخەڵی خەڵکی هەژاری کوردستانیان دەردەهێنا، بۆچی خەڵکی ئەمە نازانێت یان باشتر بڵێم حیزبی دەسەڵاتدار بۆ خۆی ئەمە باشتر نازانێت؟ من گومانم نییە کە قەناعەتی تەواوی هەیە کە هەر پرۆژەیەك لەڕێگای حیزبەوە بێت سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بۆیە ئەمجارەیان بەختی خۆی بەو شێوەیە تاقیدەکاتەوە.

***ناونیشانی بابەتەکە لەشیعرێکی (لەتیف فاتیح) وەرگیراوە.**